NED

RADIO DENG

یەکەی رۆژنامەوانی مافەکانی مرۆڤ

# رادیۆ لەگەرمیان،

# ئاست و ئاستەنگەکان

پوختەی گفتوگۆیەکی یەکەی رۆژنامەوانی مافەکانی مرۆڤی رادیۆی دەنگە لە رۆژی جیهانی رادیۆ دا، لەبارەی ئاستی رادیۆکانی گەرمیان و کێشە و ئاستەنگانی کاری رادیۆیی لە سنورەکە

## 1. پێشەکی

لە ڕۆژی جیهانی رادیۆ (13ی شوبات)، یەکەی ڕۆژنامەوانی مافەکانی مرۆڤ لە رادیۆی دەنگ، لە بەرواری (2020/2/13) مێزگردێکی سازکرد بۆ سێ رادیۆی لۆکاڵی سنوری گەرمیان، کە تێیدا شەنوکەوی گرنگی رادیۆ لە ئێستادا و دیارترین گرفتەکانی بەردەم رادیۆ لە سنوری گەرمیان دا کرد.

لە گفتۆگۆکەدا هەریەکە لە: عادل حسێن: بەڕێوبەری دەنگی یەکگرتو/رادیۆی گەرمیان (سەر بە یەکگرتوی ئیسلامی)، بەرهەم شەهاب: بەڕێوبەری رادیۆی کازیوە (رادیۆی لقی گەرمیانی پارتی دیموکراتی کوردستان) و زریان محمەد: ئەندامی دەستە رادیۆی دەنگ (ئەهلی)، بەشدار بون.

تیایدا باسیان لە چۆنیەتی پێشخستنی رادیۆ کرد لەگەڵ بەرەوپێشچونی دەزگاکانی راگەیاندن و سۆشیاڵ میدیا بۆ مانەوەی رادیۆ لە مەیدانی راگەیاندن دا، لەگەڵ ئەوەشدا تیشک خرایە سەر ئالەنگاریە و ئاستەنگەکانی بەردەم کاری دەزگاکانی راگەیاندن لە سنورەکەو کارنەکردن بە یاساکانی ڕۆژنامەگەری لە دادگاکان لە کاتی بونی سکاڵا لەسەر ڕۆژنامەنوسان.

لەم راپۆرتەدا پوختەی گفتوگۆکان دەخەینەڕو.

## 2. گرنگی بونی رادیۆ لە سنوری گەرمیان

بە دیاری کراوی رادیۆ لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە بە شێوەی بەرچاو وەک بە هێزترین دەزگای راگەیاند لە جیهان بڵاوبوەیەوە.

لە ئێستاشدا وەک بەڕێوبەری رادیۆی یەکگرتو لە گەرمیان ئاماژەی بۆ دەکات سەنگ و قورسایی رادیۆ وەک دەزگایەکی راگەیاندن ماوە.

عادل حسێن، بەڕێوبەری رادیۆی یەکگرتو، باسی لەو خاڵانە کرد کە وایکردوە لەگەڵ ئەوەی چەندین دەزگای جۆراو جۆری راگەیاندن دروست بون، بەڵام رادیۆ گرنگی لە دەست نەداوە: "چەند تایبەتمەندیەک هەیە وایکردوە رادیۆ گوێگری خۆی هەبێت تاوەکو ئێستاش، ئەوانیش بەکارهێنایەتی بە شێوەیەکی زۆر ئاسان و وەرگرتنی زانیاری تەنها بە بەکارهێنانی هەستی بیستن کە شۆفێرێک یان دوکاندارێک یاخود ژنێک لەماڵەوە بە ئاسانی دەتوانن گوێگربن".

وتیشی: "رادیۆ دەورێکی زۆر کاریگەری هەیە لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵایەتی و پەروەردەکردن کە ئێستا دەزگاکانی دیکە ئەم لایەنەیان تاڕادەیەکی زۆر پشتگوێ خستوە".

لە کاتێکدا رادیۆ بەشیوەی بەرچاو پاشەکشەی کردوە، بەڵام ئاماژەکان بۆ ئەوەن لە گەرمیان گوێگری رادیۆ باشە.

بەرهەم شەهاب، بەڕێوبەری رادیۆی کازیوە، ئاماژەی بۆ ئەوەکرد: "بەو پێیەی سەردانی ناوچەکانی دیکەمان کردوە و لە ناو خەڵک رامان وەرگرتوە، گەرمیان بە بەراورد بە تەواوی ناوچەکانی دیکە گوێگری رادیۆی زیاترە".

نمونەی شۆفێرێکی هێنایەوە کە لەگەڵیدا چونەتە سلێمانی پێیوتون کە بەو ریگایەدا دەڕۆم گوێ لە رادیۆ دەگرم هەم زانیاری وەردەگرم و هەمیش رێگاکەم لە پێش ئاسان دەبێت.

نوێنەرەکەی رادیۆی دەنگیش لە گفوگۆکەدا ئاماژەی بەوەکرد گوێگری رادیۆ ئێستا دیاری کراوە، بەڵام هێشتا ئەم دەزگایە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە.

زریان محمەد، ئەندامی دەستەی رادیۆی دەنگ، وتیشی: بەشێوەیەکی گشتی ئێستا سۆشیاڵ میدیا جێگەی بە راگەیاندنی تەقلیدی لێژکردوە.

## 3. کاریگەریەکانی رادیۆ

هەمو دەزگایەکی راگەیاندن شێوازی کارکردنی کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی لە دوای خۆی جێدەهێڵێت، جا کاریگەریەکان لەسەر کۆی کۆمەڵگابێت یاخود چین و توێژێک دیاریکراو.

بەرهەم شەهاب، پێیوایە رادیۆ بەهۆی ئەوەی تەنها وشە و رستەکانی دەگەیەنێت دەیەوێت باشترین قسەو کاریگەرترینیان هەڵبژێرێت و بیدا بە گوێی گوێگر، بۆیە کاریگەریەکی ئەرێنی زۆری باشی هەیە لە روی گەیاندی پەیامەکەی.

تاوکو ئێستا دەزگایەکی سەربەخۆ راپرسیەکی وردی لەسەر کاریگەری رادیۆ وەک دەزگایەکی راگەیاند لە سنورەکە ئەنجام نەداوە.

زریان محەمەد، نەبونی راپرسیەک و داتایەک لە بەردەستدا دەبەستێتەوە بەوەی کە ناتوانن بە رونی باسی کاریگەریەکانی رادیۆ بکەن

ئاماژەی بەوەشکرد رادیۆ دیوێکی جوان پیشاندەدات بۆیە بە ئاسانی کاریگەری لەسەر گوێگر هەیە لەلایەنی پەروەردە و کۆمەڵایەتیەوە لە چاو سۆشیاڵ میدیا کە ئێستا بوەتە شوێنێک زۆرجار کەسەکان بەکاری دێنن بۆ یەکترشکاندنەوە و ناشرین کردنی شەخسی بەرامبەریان.

مانەوەی هەندێک نەریتی کۆمەڵایەتی و کلتوری گرێدەدرێتەوە بە کاریگەریەکانی رادیۆ و بەرێوبەری رادیۆی یەکگرتو دەڵێت: ئەمە دەریدەخات کە رادیۆ و بەرنامەکانی کاریگەریان دەبێت لە ژیانی رۆژانەماندا.

عادل حسێن، وتیشی: "ئێمە لە رادیۆ زۆر گرنی بە هەندێک عاداتی کۆمەڵایەتی رەسنی کورد دەدەین، لەوانە: سەردانیکردنی نەخۆش و پرسە، ئەمەش لە گەرمیان بە گەرموگوڕی ماوەتەوە".

باسی لەوەشکرد نابێت میدیا بکەوێتە سەر شەپۆلی خواستی خەڵک، چونکە ئەوکات هیچ کاریگەریەکی نامێنێت لەبری ئەوەی میدیا کۆمەڵگە ئاڕاستە بکات، کۆمەڵگا میدیا ئاراستەدەکات.

لە روی کاریگەریان لەسەر  دەزگا حکومیەکانی ناوچەکە و پرسەکانی دیکەشەوە باس لەوەدەکەن کاری خۆیان کردوە، بەڵام لە ئاست خواستی ئەواندا نەبوە، ئەویش وەکخۆی وتی: بەهۆی ئاستەنگ دروستکردنەوە.

## 4. ئاستەنگەکان لەبەردەم کاری راگەیاندن لە گەرمیان

### ا. مامەڵەنەکردن بە یاسای رۆژنامەگەری لە دادگاکان لە گەڵ رۆژنامەنوسان

لە ماوەکانی رابردودا چەندین رۆژنامەنوس لەسەر کاری میدیایی بە یاسایی دیکە مامەڵەیان لە گەڵدا کراوە لە دادگاکان، تازەترینیان راگرتنی بەرێوبەری رادیۆی دەنگ بو کە بە پێی یاسایی سزادانی عێراقی راگیرا، لە کاتێکدا دۆسیەکەی پەیوەندیدار بو بە بابەتێکی هەواڵییەوە.

زریان محەمەد، لەوبارەوە وتی: لەکاتێکدا کەیسەکە کەیسێکی رۆژنامەوانی پەتیی بو، کەچی دادوەر ئامادە نەبو بە یاسای رۆژنامەگەری کاری تێدا بکات، ئەمەش چەندین گومانی دروست کردوە.

هاوکات بەرێوبەری رادیۆی یەکگرتو ئاماژەی بۆ ئەوەکرد ئەگەر لە پێشوتردا بە شێوەی جیاوازتر رێگریان کردبێت لە رومالکردنی راستی روداو و بابەتەکان، ئێستا بە یاسا رێگری دروست دەکرێت.

وتیشی: "لایەنی حکومی بە وردی چاودێری سەرجەم رادیۆکانی سنورەکە دەکات بە شێوەیەک ئێمە هەواڵێکمان دەبارەی پرسێکی ئێران بڵاو کرادەوە راستەوخۆ تەلەفۆن بۆ سەروی خۆمان کرابو، واتە بەبەردەوامی لە سەنگەردان بۆ لێدانت لەکاتی دەستبردن بۆ بابەتێکی هەستیار".

لە ماوەی ئەم مانگەدا دوبارە لە داداگاکان پێشێلکاری بەرامبەر بە یاسایی رۆژنامەگەری کراو کارمەندێکی رادیۆی کازیوە لە گەرمیان لەسەر بابەتێکی هەواڵیی، بە یاسایی خراپ بەکارهێنانی ئامارەکانی پەیوەندی مامەڵەی لەگەڵدا کرا.

بەرهەم شەهاب، لە بارەی دۆسیەکەوە وتی: سکاڵاکە لەسەر هەواڵێک بوە کە باسی برینەوەی داری کردبو لە شوێنێکی دیاری و پێشێلی یاسای ژینگەیان کردبو بۆ شوێنی کارێک، بەڵام بەهیچ شێوەیەک یاسای کاری رۆژنامەوانیان لە دۆسیەکە کار پێنەکرد و کارمەندەکەمان بۆ ماوەی سێ رۆژ راگیرا، دواتر بە ملیۆنێک دینار سزا دراو بۆ ماوەی شەش مانگ لە دەرەوەی زیندان سزاکەی بەسەر دەبات.

ب. **پێنەدانی زانیاری**

هەرچەندە لە هەرێمی کوردستاندا یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاریی لەلایەن پەرلەمانەوە لە ساڵی ٢٠١٣ەوە دەرچووە و تیایدا مافی پێدانی زانیاریی بەرۆژنامەنووسان دەستەبەرکراوە، بەڵام بەرێوبەرانی رادیۆکانی گەرمیان نیگەرانن لە پێنەدانی زانیاری لە لایەن دەزگاکانی حکومەتەوە لە ژێر ناوی جیاجیا.
بەرهەم شەهاب، باسی لەوەکرد لە ژێر ناوی "ئاسایشی نیشتمانی" رێگری لە پێدانی زانیاری دەکەن لە ئێمە لە کاتێکدا هەر ئەو لایەنانە بۆ دەزگایەکی دیکە زۆر لایان ئاساییە زانیاریەکانیان پێیبدەن، چونکە شتێک نیە لێرە بەناوی "ئاسایشی نیشتمانی".
باسی لەوەشکرد بۆ چەندین پرسی تریش زانیاریان پێنادرێت، نمونەی ئەوەشی هێنایەوە کە میوانی بەرنامەیەکی دیاری کردوە بەڵینی داوە بەیانیەکەی لە بەرنامەیەکی راستەوخۆ لەگەڵیان بێت، بەڵام کاتی بەرنامەکە پەیوەندیان پێوەکردوە ژمارەکەی داخستوە.
دەشڵێت: "لێرە بەشی زۆری بەرێوبەر و وتەبێژەکانی دەزگاکان بەچاوی مامەڵەی حزبەوە سەیری راگەیاندن دەکەن و زانیاری دەدەن ئەمەش ئەوپەڕی نارۆشنبیری ئەو بەڕێوبەر و بەرپرسە دەردەخات".

بە هەمان شێوە زریان محەمەد، جەختیکردەوە لە جیاوازیکردن لە پێدانی زانیاری "بەشێک لە بەڕێوبەرایەتی فەرمانگەکان، جیاوازیی دەکەن لە پێدانی زانیاریی بە دەزگاکانی راگەیاندن و تائێستا هەلی پێدانی زانیاری بەشێوەیەکی یەکسان بۆ سەرجەم رۆژنامەنوسان فەراهەم نەکراوە".

وتیشی: هەندێکجاریش کەوتۆتە سەر راگەیاندکارەکە کە لێدوانی ئەو بەرپرسەی گۆڕیوەو بۆ بابەتی دیکە بەکاری هێناوە ئەمەش متمانەی لاوازکردوە.

پێنەدانی زانیاری بەم دەزگانەی راگەیاند لەژێر چەند ناوێکدایە، وەک: ئاسایشی نیشتمانی، خستنە مەترسی ئابوری ناوچەکە، مەترسی لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی و ...هتد.

عادل حسێن، لەسەر ئەم پرسە تیشکی خستە سەر ئەوەی پێیدانی زانیاری بە پێی دەزگاکان و ئەوبابەتەی دەتەوێت دەستی بۆ ببەیت دەگۆڕێت، هەندێکجاریش پەیوەندی شەخسی دەوری زۆری هەیە بۆ پێدانی زانیاری: "دەزگا خزمەتگوزاریەکان زۆرباشن، بەڵام ئەوانیش هێڵێکیان هەیە کە هێڵی سورە بۆ خۆیان کێشاویانە، ئەمە بۆ راگەیاندنەکانی حزبیش هەر راستە کە بابەتێک حزبەکەی بە هێڵی سوری دابنێت ئیتر ئەویش دەستی بۆ نابات، ئەمەش بۆ خۆی گەورەترین گرفتە".

**ت. ئاستەنگی دارایی**

ئاستەنگی دارایی بۆ دەزگاکانی راگەیاندن بەگشتی لە گەرمیان تاڕادەیەک چون یەکن، بەڵام بۆ میدیای ئازاد ئاستەنگەکان چەند بەرامبەر دەبنەوە.

زریان محەمەد، لە بارەی ئاستەنگە داراییەکانی بەردەم رادیۆی دەنگ وتی: "رادیۆکە هیچ سەرچاوەیەکی جێگیری دارایی نیە، ئەوەی هەیە تەنها پاڵپشتی رێکخراوە نێودەوڵەتیەکانە ئێستاش بە دیاری کراوی رێکخراوی (NED) ئەمریکیە کە پاڵپشتی چەند پرۆژەیەکەی رادیۆکە دەکات وەک پرۆژەکانی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان و یەکەی رۆژنامەوانی مافەکانی مرۆڤ و رۆژنامەی نەوژین و پێشبڕکێی رۆژنامەوانی".

وتیشی: "ریکلامیش یەکێکە لەسەر چاوەکانی داهاتی رادیۆکە، بەڵام وەکپێویست نیە".

رادیۆی یەکگرتوش ئەگەرچی میدیایەکی حزبیە، بەڵام کێشەی دارایی هەیە. عادل حسێن، دەڵێت: "دو جۆر ئاستەنگ بۆ رادیۆکان هەیە کە خۆی دەبینێتەوە ئاستەنگی بابەتی و خودی".

لە بارەی ئاستەنگیە خودیەکان بۆ دەزگاکانی راگەیاندن لە گەرمیان هێمای بەوەکرد " ئەمجۆرەیان خۆی دەبینێتەوە لە لایەنی ئابوری کە ناتوانیت کارمەندی پێویستت هەبێت یان بتوانین لایەنێکی ئابوری باش بۆ کارمەندەکەت دەستەبەربکەیت، هاوکات توانای کارمەندیش بۆخۆی یەکێکی دیکەیە لە گرفتەکان بەوەی کە تاچەند توانیویانە سود لە بەرەوپێشچونی پێشکەوتن ببینن".

بەڕێوبەرەکەی رادیۆی یەکگرتو باسی لەو باجەش کرد کە بۆ نوێکردنەوەی مۆڵەتەکەیان لێیان وەرگیراوە "بۆ نوێکردنەوەی مۆڵەتەکەمان بڕی ٩ ملیۆن دیناریان لێوەرگرتین". دەڵێت: ئەمە جۆرێکی دیکەیە لە ئاستەنگ دروستکردن بۆمان.

ئەم ئاستەنگە داراییانەش وایکردوە بەتەنها کەسێک چەندین کاری جیاواز لە رادیۆ بکات بۆ ئەوەی بتوانن بۆشای کارەکان پڕبکەنەوە.

## 5. چۆن رادیۆ لەگەڵ پێشکەوتنی سۆشیاڵ میدیا و راگەیاندن دانەبڕێت؟

رادیۆکان لە گەرمیان لەگەڵ رێڕەوی بەرەوپێشچونی شێوازەکانی راگەیاندن و سۆشیاڵ میدیا هەنگاویان ناوە، وەکخۆیان ئاماژەی پێدەکەن کە توانیویانە بە شێوەی جیاوازتر کاری رادیۆیی بکەن، ئەوەش بە دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان رادیۆکانیان و پەڕەکانی سۆشیاڵ میدیا.

بەرهەم شەهاب باسی لەوەکرد کە هەستاون بە گواستنەوەی بەرنامەکانیان بەشێوەی راستەوخۆ(لایڤ) لەسەر پەرەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان، بەهەمان شێوە رادیۆکانی دەنگ و یەکگرتو بۆ هەندێک لە بەرنامەکانیان ئەم تەکنیکەیان بەکار هێناوە.

زریان محەمەد، باسی لەوەکرد رادیۆی دەنگ لە رێگەی سایتی تایبەت و پەیجی تایبەتی خۆی، رۆژانە بەرنامە و هەواڵەکانی دەگوازێتەوە بەدەر لە رادیۆ بەشیوەی دەنگ و نوسین.

عادل حسێن، باس لەوەدەکات "لەگەڵ بەرەوپێشچونی تەکنەلۆژیا ئێمەش بەردەوام ئامێرە نوێکان کارپێدەکەین بۆ بەرزکردنەوەی کوالێتی رادیۆکەمان".

زریان محەمەد، لەم بارەیەوە باسی لەوەکرد ئەگەرچی نەبونی مادە وەکپێویست کاریگەری هەبوە لەسەر ئەوەی ئامێری زۆر پێشکەوتو بەکاربهێنن، بەڵام دانەبڕاون لەوەی کە ئامێری نوێ لە دەزگاکەیان کارپێنەکەن.

## 6. نەبونی هەماهەنگی لەنێوان دەزگاکانی گەرمیان

تاوەکو ئێستا لە گەرمیان ژورێکی میدیا نیە بۆ دەزگاکانی راگەیاندن کە تێیدا لە پرسە جیاوازەکان و هاتنە پێشی رێگریەکان بۆ کاری راگەیاندن لە سنورەکە هەڵوێستی هاوبەشیان هەبێت ئەمەش وایکردوە دەزگاکان و بە دیاریکراوی رادیۆ زۆر دوربن لەیەک.

عادل حسێن، پێشنیاری کردنەوەی ژورێکی تایبەتی بە میدیا و راگەیاندکارانی کرد و وتی: "بونی ئەم ژورە زەروریەتێکی ئەمرۆیە، بۆ ئەوەی لە کۆمەڵێک پرسدا راگۆرینەوە و هەڵوێستی پاڵپشتیکردنمان هەبێت بەتایبەت رادیۆکان لە پرسی ئازادی کارکردن و گرفتەکان".

وتیشی: "بچوکترین نمونە تاوەکو ئێستا دەزگاکانی ئێرە لەسەر نرخی ریکلام رێکنەکەوتون".

## 7. بەشداری ژنان لە رادیۆکانی گەرمیان رێژەی ٥٠٪ی تێپەڕاندوە

یەکێک لەو جیاوازیانەی لە رادیۆکانی گەرمیان دەبینرێت لە ئێستادا شکاندنی رێژەی بەشداری کچان و ژنانە، لە کۆی ئەو سێ دەزگایەی رادیۆ کە بەشداری مێزگردەکەبون رێژەی سەدا ٥٠٪ بەرەو سەرەوە کچان و ژنان تیدا بەشدارن.

رادیۆی دەنگ رێژەی نیوەی کارمەندەکانی لە رەگەزی مێیەوە لەگەڵ ئەوەشدا رۆژنامەی نەوژین کە پرۆژەیەکی رادیۆکەیە ستافێکی لە کچان و ژنان بەرێوەی دەبەن.

ئەمە بۆ رادیۆی دەنگی یەکگرتوش هەر راستە، عادل حسێن وتی: "کچان و ژنان پێگەیەکی بەهێزی دەزگاکەمانن بەشیوەیەکی کۆی نیوەی کارمەندەکانی دەزگاکە پێکدەهێنن کە ٧ ئافرەتن.

بەهەمانشێوە لە رادیۆی کازیوە، ستافێکی کچ و ژن دەورێکی کاریگەریان هەیە لە رادیۆکە.

**ئامادەکردنی راپۆرت:**

**رێناس سالح**